لە دەروازەکانی مەدیندا هەندێک فریشتە هەن، بۆیە نە تاعون ونە دەجال ناتوانن ڕووی تێبکەن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «لە دەروازەکانی مەدیندا هەندێک فریشتە هەن، بۆیە نە تاعون ونە دەجال ناتوانن ڕووی تێبکەن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات لە فەزڵەکانی مەدینە ئەوەیە کە هەندێک فریشتە لە دەروازە وڕێگاکانی مەدینە هەن کە دەپارێزن، بۆیە نە تاعون* ونە مەسیحی دەجال ناتوانن ڕووو لە مەدینە بکەن وبچنە نێو ئەو شارە پیرۆزە. *(تاعون: نەخۆشی وپەتایەکە کە زۆر بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە وخەڵکێکی زۆر دەمرن بەهۆیەوە)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10560